گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٣٦) ساڵی ٢٠١٦

دەستەی نووسەران

سەرنووسەر

پ.د. عەبدولفەتتاح عەلی بۆتانی

جێگری سەرنووسەر

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین

پ.ی.د. دکتۆر ئازاد عوبێد

ئەندامان

پ.د. فاروق عومەر سدیق
پ.د. خەلیل عەلی موراد
پ.د. محەمەد ساڵح تەییب سادق
پ.د. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی
پ.د. عەبدولوەهاب خالید موسا
پ.ی.د عوسمان خدر دەشتی

دەستەی ڕاوێژکاران

پ.د. ڕەشاد میران
پ.د. زرار سدیق تۆفیق
پ.د. جەزا تۆفیق تالیب
پ.د. مارف عومەر گوڵ
پ.ی.د. حەمید عەزیز
پ.ی.د. نەجدەت سەبری ئاکرەیی

مۆنۆلۆگی درامی له قهسیدهی (ههولێر له یهكی شوباتا) ی عهبدوڵلا پهشێودا

د. سهنگهر قادر شێخ محهمهد حاجی

كۆلێژی پهروهرده– شهقلاوه

زانكۆی سهلاحهددین– ههولێر

پێشهكی:

ئهم لێكۆڵینهوهیه به ناونیشانی (مۆنۆلۆگی درامی له قهسیدهی "ههولێرله یهكی شوباتدا"ی عهبدوڵلا پهشێودا) یه. ئهم لێكۆڵینهوهیه دابهشی سهر دوو بهشی سهرهكی كراوه و ههر بهشێكی له چهند تهوهر و لقێك پێكدێ. له بهشی یهكهمدا ئێمه قسهمان لهسهر چهند تهوهرێك كردووه تا بهشێوهیهكی روون چهمك و چییهتی مۆنۆلۆگی درامی بخهینه روو. ههروهها لهبارهی گرنگی و تایبهتمهندی و بنیاتی مۆنۆلۆگی درامی دواوین. جگه لهمانهش پهیوهندیی مۆنۆلۆگی درامی به ژانره ئهدهبییهكان و به رهخنهی ئهدهبی هاوچهرخ دوو تهوهری سهرهكین كه لهبهشی یهكهمی ئهم لێكۆڵینهوهیه كاریان لهسهر كراوه. سهرهڕای ئهمانهش جیاوازی نێوان مۆنۆلۆگی درامی و خۆدواندن و ئهو توخمانهی كه دهتوانین بههۆیانهوه ئهو دوو هونهره ئهدهبییه له یهكتری جودابكهینهوه.

له بهشی دووهمدا كه بهشی پراكتیكی ئهم لێكۆڵینهوهیه پێكدێنێ، ههموو ئهو بابهت و تهوهرانهی لهبهشی یهكهمدا خراونهته روو. لهبهشی دووهمدا لهسهر قهسیدهی (ههولێر له یهكی شوباتدا ی عهبدوڵلا پهشێو) پراكتیزهكراون و تایبهتمهندییه دیارهكانی مۆنۆلۆگی درامی لهناو ئهم قهسیدهیهدا دهستنیشانكراون دواتریش ئهنجام و سهرچاوهكان بهجیا خراونهتهروو.

تەوەری یەكەم: چەمك و تایبەتمەندییەكانی مۆنۆلۆگی درامی

١-١ چەمكی مۆنۆلۆگی درامی:

هەر چەمكێكی ئەدەبی وەربگرین ریشەیێكی هەیە و مانایەك یان چەند واتایەكی هەن كە لە فەزا و ژینگە و كات و شوێنی جیاوازدا هەر خۆی، بەلاَم بە یەكێك لەو مانایانە، بەكاردێ. هەندێك چەمك لەناو دونیای ئەدەبدا زوو خۆ بەدەستەوە دەدەن و واتاكەیان رێك لەگەڵ رەهەند و كردارەكە دێتەوە، بەلاَم هەندێكی دیكە ئاڵۆزن و بە ئاسانی ناتوانین ماناكانیان دەستەبەر بكەین، یان بڵێین بەڵێ رەهەند و مانای ئەم چەمكە ئەمەیە. مۆنۆلۆگی درامی كە بە ئینگلیزییەكەی پێی دەگوترێ (Dramatic Monologue) چەمكێكی ئاڵۆزە و لە دوو وشە پێكدێ: یەكەمیان (Dramatic) واتا درامی و دووەمیشیان (Monologue) كە لە كوردیشدا بەزۆری ناوەندە ئەكادیمییەكان هەر مۆنۆلۆگی بۆ بەكاردەهێنن. (Dramatic) واتای (لەپڕ و زۆر مەزن دەگەیێنێ) (Sally Wehmeir et al:463). هەرچی مۆنۆلۆگ (Monologue)ە، ئەوا خۆشی وشەیەكی لێكدراوە و لە دوو بەش پێكدێ (((Mono) كە واتای یەك ئاڕاستەیە و (Logue) یش واتای ئاخاوتن یان قسەكردن دەدات)) (Sally Wehmeir et al:905) بەم پێیە بێ مۆنۆلۆگ واتا یەك ئاڕاستەیی لە قسەكردندا و ئەمەش واتای ئەوەیە كە تەنیا یەك قسەكەرمان هەیە و كەسی دیكەمان نییە وەلاَمبداتەوە. تا ئێرە كێشەمان نییە، بەلاَم كاتێك وشە یان چەمكی درامی دەخەینە پاڵ ئەم دوو وشەیە چەمكێكی ئاڵۆزمان بۆ دروست دەبێ كە ئەگەر تەنیا واتای وشەكان وەربگرین دەبینین واتای قسەكردنێكی درامی دەدات كە كەس نییە وەلاَممان بداتەوە، بەلاَم ئایا ئەمە بەڕاستی پڕ بە پێستی ئەم چەمكە ئەدەبییەیە یان نا؟

دەبێ ئاگاداری ئەوە بین كە وشەی (درامی) لە (مۆنۆلۆگی درامی)دا هیچ پەیوەندییێكی بە (سەرنجڕاكێشی) و (جەختكردنەوە) و (روونی)یەوە نییە كە ئەمانە خەسڵەتی درامی هەر رووداو و بەرهەمێكن. مۆنۆلۆگی درامی چ لەسەر تەختی شانۆ بێ، یان لە شیعرێكدابێ لەتوانایدایە بەتەواوی بگونجێ و دەربكەوێ. بەپێی بۆچوونی (ئێدگار هسۆمپسن) بێ، مۆنۆلۆگی درامی ((تەنیا پێویستی بەوەیە سەرنجڕاكێش بێ)) (Edgar H. Thompson:39) ئەمەش لە دوو لایەنەوە

سەرچاوە دەگرێ، یەکەمیان هەر بابەتێك ناکرێ بکرێتە بابەتێکی ئەدەبی و سەرکەوتووش بێ ئەگەر توخمی سەرنجڕاکێشی تێدا نەبێ، چونکە خوێنەر ئامادە نییە بابەتێك بخوێنێتەوە کە سەرنجی رانەکێشێ.

دووەمیشیان، مۆنۆلۆگی درامی گێڕانەوەی تێدایە و گێڕانەوەش هەم پێویستی بە دروستکردنی فەزاییکی سەرنج ڕاکێش هەیە و هەم فەزاکەشی بواری ئەفراندنی توخمی سەرنجڕاکێشی تێدا دەستەبەر دەکرێ.

ئەمە هەمووی واتای ئەوەیە کە کاتێك قسە لەبارەی ریشەی مۆنۆلۆگی درامی دەکەین، بەرەوڕووی سێ وشە دەبینەوە ئەوانیش (درامی Dramatic) و (تاك Mono) و (قسەکردن Logue) کە واتای (لەپڕ) و (کاتێك) و (قسەکردن) دەدەن و هەمووشیان بەیەکەوە واتای ئەوە دەدەن کە (کەسێك بەخەیاڵ قسە لەگەڵ کەسێکی دیکە دەکات و دونیاییێك شتی بۆ دەگێڕێتەوە و بابەتی جۆراوجۆری بۆ دەکاتەوە، بەڵام لەبەرانبەردا هیچ کەس نییە وەڵام بداتەوە.

١-٢ پێناسەی مۆنۆلۆگی درامی:

ئاشکرایە، زۆرینەی ئەو چەمك و دیاریدە و تەکنیك و هونەرانەی پەیوەندییان بە زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە هەیە پێناسەی زۆریان بۆ کراون کە ناتوانین هیچ کامێکیان بە رەهایی قبوڵ بکەین و ناشکرێ هیچیان بە رەهایی رەت بکەینەوە، چونکە لە هەر یەکێکیان چەند حەقیقەتێك خراونەتە روو و لەهەر یەکێکیشیان چەند حەقیقەتێك فەرامۆش کراون.

مۆنۆلۆگی درامی بریتییە لە شیعرێك کە لەسەر شێوەی گفتوگۆدا نووسراوە و هی تاکە کارەکتەرێکە. ((ئەو دەخزێنرێتە ناو دیمەنێکی روونەوە کە پەیوەندی بە مێژوو یان سایکۆلۆژیای کارەکتەرەکەوە هەیە)) (Dramatic Monologue Article Press:310). مۆنۆلۆگی درامی پەیوەندییێکی راستەوخۆی بە دەروون و نەستەوە هەیە. شاعیر لە یارەکەی دوورە یان لەدەستی داوە و ئێستا دەیەوێ شتێکی پێبڵێ. ئەو دەیەوێ هەموو ئەو شتانە دەربڕێ کە لە زەین و مێشکی خۆی هەڵیگرتوون لەوساتەوەی نەیدیوە. هاوڕێیەکی نزیکی لە زیندانە و دەیەوێ پێبڵێ ژیان دوور لە هاوڕێی خۆشەویست پڕیەتی لە تاڵی و ناخۆشی و چەڵەمە. شاعیر خاکی داگیر کراوە، ئێستا دێ و دەیەوێ ئەوەی هەیەتی دەریبڕێ، بەڵام لەگەڵ

کێ؟ ڕەنگە ئەو نەیەوێ کەس لەو خەمەی بەشدار بێ، یان متمانە بەکەس نەکا، لەوانەشە بیەوێ هەر خۆی قسەبکات و هێندە کۆڵ لە دڵ بێ ڕێگە بە کەسی دیکە نەدا ببێتە هاوبەش لە قسەکردن و سەرەنجام تەکنیکی مۆنۆلۆگی درامی هەڵدەبژێرێ.

(ئەبرامز) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ((مۆنۆلۆگی درامی بەشێك نییە لە شانۆ، بەڵکو جۆرێکە لە شیعری لیریکی)) (M.H. Abrams:85) تاکە پەیوەندییەك کە لە نێوان شانۆ و مۆنۆلۆگی درامیدا هەیە، ئەو گفتوگۆیەیە کە لەنێوان دوو کارەکتەر ئەنجام دەدرێ. لە یەکەمیاندا قسەکەر و گوێگر هەن و زانیاری و تێڕوانینەکانیان دەگۆڕنەوە، هەرچی دووەمیانە قسەکەر و گوێگر هەن، بەڵام گوێگر هیچ بەشدارییێك لە گفتوگۆکەدا ناکا و زۆرجاریش گوێگر وێنا دەکرێ و لەوێ ئامادە نییە. ئەم پێناسەیە نە ڕەگەز و نە توخم و نە هیچ تایبەتمەندییێکی مۆنۆلۆگی درامیمان بۆ دیار ناکا، تا لەڕێیەوە بزانین مۆنۆلۆگی درامی چییە و چۆن دەنووسرێ. کەچی لە هەمان کاتدا بابەتێکی گرنگی ورووژاندووە و تاڕادەییێك یەکلایشی کردۆتەوە کە ئەوەی دەیەوێ ئەم تەکنیکەی شیعر نووسین بەکاربێنی دەبێ بە نەفەسی شاعیرێکی لیریکی شیعرەکە بهۆنێتەوە، نەك بە نەفەسی دراما نووسێك کە شیعر وەکو ئامرازێکی یارمەتیدەر و پێناو بەکاردەهێنێت، نەك وەك خودی مەبەست.

مۆنۆلۆگی درامی بریتییە لە شیعرێکی لیریکی کە تێیدا قسەکەر قسە لەگەڵ گوێگرێکی کڕ و کپ دەکات و خۆی لە فەزای حاڵەتێکی درامیدا دەردەخات، کارەکتەرەکە قسە لەگەڵ گوێگری ناسراو، بەڵام بێ دەنگ دەکات لە ساتێکی درامی ژیانی قسەکەرەکە. ئەو بارودۆخەی دەوری گفتوگۆکەی داوە، وای لێکردووە گفتوگۆ تاك لایەنەکەی کە بەرهەمی مۆنۆلۆگی درامییە لە ڕێی ئەنجامێکی روونەوە کە لەناخی کارەکتەرەکەوە هەڵێنجراوە، سەرچاوە بگرێ.

هەروەها (J.A. Cuddon) لە فەرهەنگە بەناوبانگەکەیدا (Literary Terms) بەم شێوەیە پێناسەی مۆنۆلۆگی درامی دەکا ((شیعرێکە کە قسەکەرێکی خەیاڵی قسە لەگەڵ گوێگرێکی خەیاڵی دەکا)) (Cuddon:401). دەبێ لێرەدا چەمکی (خەیاڵیبوون) روون بکەینەوە، چونکە لە مۆنۆلۆگی درامیدا هەم قسەکەر و هەم

ئـەوەی قسەشـی لەگەڵدا دەکـرێ، بوونیـان هەیـە، بـەڵام مـەرج نییـە لـە دەمـی قسەکردندا ئامادەیان هەبێ. (زین) ی (ئەحمەدی خانی) (مۆم) دەکاتـە هـاودەمی خۆی و دڵنیاشـە لـەوەی ئـەو بوونـە وەڵامـی ناداتـەوە، بـەڵام ئـەو هـەر دەیکاتـە دەمسازی خۆی. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە گـوێگری مۆنۆلـۆگی درامـی بـوونی هەیە.

هـــەروەها قســـەکەر لـــە مۆنۆلـــۆگی درامـــی یـــان شـــاعیرە کـــە مرۆڤێکـــی راستەقینەیە، یان شاعیر دەبێتە زمان حاڵی کەس یان شتێکی دیکە کـە ئـەوانیش واقیعین و خاوەنی بوونی خۆیانن. بەم پێیە خەیاڵی بوون بەمانا دیارەکـەی خـۆی لەگەڵ ئەم تەکنیکە نایێتەوە. کەواتە (Cuddon) بۆ پێی وایە لەم جـۆرە شـیعرەدا هەم قسەکەر و هەم گوێگریش خەیاڵین؟

لە مۆنۆلـۆگی درامیـدا خـەیاڵ هـەموو دەم ئامـادەیی هەیـە، ئـەویش بـە دوو شێوە: یان ئەوەتا شاعیر رووداوێکی بەسەرهاتووە و ئێستا بووە بە مێـژوو و ئـەو دێ بە خەیاڵی خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە. یان شاعیر لەگەڵ بوونێك دەدوێ کە ئـەو بوونە بەرجەستەیە و ناتوانێ قسە بکا و ئەمەش خۆی لەخۆیدا خەیاڵە.

مۆنۆلۆگی درامی ((گوتارێکی نەپساوە و بەردەوامە (لەکاتی ئێسـتا) لەلایـەن کارەکتەرێکەوە دروسـتدەکرێ کـە قسـە لەگـەڵ (هیـوا) یـان (نیـەت)ێك دەکـا بـۆ بەئەنجامگەیاندنی هەندێك گۆڕانکاریی لـەبارودۆخی خۆیـدا، ئەمـەش عادەتـەن بـە دروستکردنی کاریگـەری لەسـەر هەنـدێك گۆڕانکـاری لەسـەر کارەکتـەر یـان چـەند کارەکتەرێك دەبێ کە ئەو لـە شـیعرەکەدا لەگـەڵیان دەدوێ)) (Hougton:114) لـە مۆنۆلۆگی درامیدا کاتێك شـاعیر دەسـت بـە هۆنینـەوەی شـیعرەکەی (قسـەکردن) دەکات تا کۆتایی شیعرەکە بەردەوام دەبـێ لـە قسـەکردن، چـونکە هـیچ کەسـێك هـــیچ پرســـیارێکی لێ ناپرســـێت و جگـــە لـــەو زانیارییانـــەی خۆشـــی لـــەبارەی پرسیارەکانی خۆیەوە هەیەتی کەسی دیکە نییە زانیاریی زیاتری پێ ببەخشێ.

ئەو بوونەی شاعیر قسەی بۆ دەکات و لەگەڵی دەدوێ، بوونێکە شـاعیر هیـوا و ئومێدێکی زۆری پێیە. ئەگەرچی زۆربەی جار (قسە بۆ کـراو) لای قسـەکەر نییـە یان لەدەستی داوە و ئێستا دەستی پێی ناگا، بەڵام (قسەکەر) هیوا بـڕاو نابێـت و بـەردەوام دەبـێ لـە ژیـان لـە سـاتێك لـە سـاتەکان لەگـەڵ (قسـە بۆکراو)ەکـەی.

هەروەها شاعیر لە هۆنینەوەی شیعرەکەیدا نییەتێك دەخاتە روو کە دەیەوێ هەم بە (قسە بۆکراو) و هەم بە گوێگرانیش بڵێ من مەبەستم لە هۆنینەوەی ئەو شیعرە ئەمەیە.

مۆنۆلۆگی درامی ((فۆرمێکی ئەدەبییە کە تێیدا کارەکتەرێك قسە لەگەڵ گوێگرێکی بێ دەنگ دەکات لەساتێکی گلەیی ئامێزدا و ئەوەی هەیەتی لەحاڵەتێکی درامیدا دەیخاتە روو)) (Random Hose: 35) بەپێی ئەم پێناسەیە بێ دەبێ ئێمە لە مۆنۆلۆگی درامیدا (ساتی گلەیی)مان هەبێ لەگەڵ (حاڵەتێکی درامی). (ساتی گلەیی) هەمیشە لە مۆنۆلۆگی درامیدا ئامادەیی هەیە، چونکە شاعیر گلەیی لە شتێك یان حاڵەت و بارودۆخێك دەکات، یان حەزی لە شتێك نییە و دەیەوێت بیگۆڕێ. ئەو گۆڕان و گواستنەوانەی لە فەزای دەقەکە و لەناو دەقەکەدا روودەدەن جووڵە و بزاوتێکی درامیمان بۆ دەئافرێنن.

زۆرێك لەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی لە شانۆ و گفتوگۆی شانۆییدا هەن لە مۆنۆلۆگی درامیشدا بەدیاردەکەون: تاکە کەسێك قسەدەکا، لە قسەکردنەکەشیدا کەسێتیی خۆیان پێ دەناسێنێ و ئاشنای بیروباوەڕەکانی دەبین، ئەو حاڵەتەمان بۆ روون دەبێتەوە کە شاعیر تێکەوتووە بەوەی لەسەرەتادا چیرۆکەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە تا کۆتایی پێمان دەڵێ ئەو بۆ تووشی ئەم حاڵەتە بووە و بۆ وای بەسەردا هاتووە.

١-٣ گرنگیی مۆنۆلۆگی درامی:

بە پشتبەستن بەو بیروڕایەی کە لە شیعردا هەموو دەنگێك هەموو وشەیێك و گرێ و رستەیێك و هەر وێنەیێك.. هتد خاوەنی گرنگی و بایەخی خۆیانن، دەتوانین بڵێین مۆنۆلۆگی درامی خاوەنی گرنگیی خۆیەتی، چونکە فۆرمێکی نوێی شیعرییە. هەروەها خاڵی بەیەکگەیشتنی دراما و شیعرە.

دەکرێ بڵێین لە مۆنۆلۆگی درامیدا مێژوو خۆی بە پێچەوانەوە دووبارە کردۆتەوە، چونکە لە سەرەتادا دراما لە رێی شیعرەوە دەنووسرا، بەلام لە مۆنۆلۆگی درامیدا شیعر پەنای بۆ دراما بردووە بۆ دروستکردنی فۆرمێکی نوێی شیعری. ئەمەش کارێکی ئاسایی و رێپێدراوە و دواجار بە تێکچڕژان و تێکەڵبوونەوەی جۆر و ژانرە ئەدەبییەکانە لە سەدەی بیست و یەکەمدا وایکردووە

بە ئەستەم بتوانین جۆرە ئەدەبییەکان و تایبەتمەندییەکانیان لەیەك جودا بکەینەوە.

ئەگەر نووسەر ((شانۆگەری بنووسێ یان رۆمان ئەوا مۆنۆلۆگی درامی ئامرازێکی گرنگە بۆ خێراترکردنی پەرەسەندنەکانی کارەکتەر و تیشك خستنەسەر سەرەکیترین مەغزاکانی دەقە چیرۆك ئامێزەکان)) (Anjeli,et al: 21) ئەوەی (ئەنجیلی) و هاوڕێکانی دەیڵێن سەلمێنەری ئەوەیە کە مۆنۆلۆگی درامی هەر تایبەت نییە بە جۆرە شیعرێك کە ئەم ناوەی لێنراوە، بەڵکو دەکرێ لەناو دراماش پەنا بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنیکە ببرێ. هەروەها ئەم تەکنیکە لەناو رۆمانیشدا زۆر بە ئاسانی شوێنی خۆی دەگرێ، چونکە رۆمان خەسڵەتی لەخۆگرتنی هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەی هەیە و یەکێك لەو توخمانەی کە بەردەوام لەناو رۆماندا ئامادەیە، مۆنۆلۆگە.

لێرەدا پرسیارێك خۆی رەپێش دەکات، ئایا دراما کە یەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی مۆنۆلۆگە بە هەموو جۆرەکانییەوە و خۆشی پڕیەتی لە حاڵەتی درامی، بۆ ناتوانین هەموو مۆنۆلۆگەکانی ناو دراما بە (مۆنۆلۆگی درامی) دابنێین؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمەیە، بۆئەوەی مۆنۆلۆگێك بە (مۆنۆلۆگی درامی) دابنرێت، پێویستە زمانێکی شیعری بە هەموو رەهەند و جوانکاری و رەوانی و وردەکاری و پڕ هەستییەوە تێدا بەکاربێت.

هەروەها ئەرکێکی دیکەی مۆنۆلۆگی درامی ئەوەیە کاتێك دەقێك دەخوێنیتەوە کە مۆنۆلۆگی درامی تێدا بەکارهاتبێ ((دەتوانی ئەوە هەڵبهێنجی کە ئەو (ئەو)ە چۆنە و لە چی دەچێ کە هیچ قسەیێك ناکا. هەروەها دەستەبەرکردنی ناسنامەی کەسێتی و بیروباوەڕ و خووڕەوشتی لە رێی تێبینی کردنی ئەوەی قسەکەر دەیڵێ یان ئەنجامی دەدا)) (Addyb: 37) لە زۆر شیعردا کە بە تەکنیکی مۆنۆلۆگی درامی هۆنراوەتەوە، شاعیر لە رێی ئەو گلەییانەی لە کەسی بەرانبەری دەکا، کۆمەڵێك زانیاریی وردمان لەبارەی (قسە بۆکراو)ەوە پێ دەدا

هەروەها لە هەر مۆنۆلۆگێکی کاریگەردا ((قسەکەر لەسەر ئەجندایەك دەڕوا بۆ وەدەستهێنانی ئامانجێك و ئەوەی دەشیڵێ مەبەستێکی لە پشتەوەیە.

قسەکردنەکە هەر بۆ ئەوە نییە لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا بەسەرهاتەکان بگێڕدرێنەوە، بەڵکو بۆ نمایشکردن یان قەناعەتپێکردنە تا ئامانجەکەی قسەکەر لەدەست نەچێ یان لێڵی تێ نەکەوێ)) (Billy Marshal: www.ask.com). ئەگەر بە شێوەیێکی دیکە بیڵێین قسەکەر بۆیە قسە دەکات، تا ئەو بارودۆخەمان بۆ بگوازێتەوە کە خۆی بە دەستییەوە دەناڵێنێ و دەیگوزەرێنێ بە ئومێدی ئەوەی پشتگیرییەکان تۆماربکرێن و گلەییەکان قەناعەت پێکەر بن. هەروەها دڵ یان بیروڕای ئەو کەسە بگۆڕێ کە ئەو قسەی بۆ دەکا.

لەم بۆچوونە لەبارەی مۆنۆلۆگی درامییەوە ئەوە هەڵدەهێنجین کە شاعیر هەوڵدەدات زمانێکی رێك و رەوان بەکاربێنێت و وەك چۆن رووداوەکانی ناو شیعرەکە یەك بەدوای یەك ریز دەکا، ئاواش زمانە روونەکە دەکاتە پێناوێك بۆئەوەی پەیامی خۆی بەتەواوی بگەیێنێتە خوێنەر. دیارە روونی مانای ئەوە نییە کە هیچ رەمزێك لە مۆنۆلۆگی درامیدا بەکارنایێت، بەکاردێت، بەلآم زۆرینەی رەمزەکان لە شێوەی توانج و پلاردان بۆ (قسە بۆکراو).

١-٤ تایبەتمەندییەکانی مۆنۆلۆگی درامی:

(ئەبرامس) لە فەرهەنگە زاراوەییە بەناوبانگەکەیدا (A Glossary of Literary Terms) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەر دەقێك کە لەسەر شێوەی مۆنۆلۆگی درامیدا نووسرابێ، پێویستە ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێ:

١- ((کەسێك، بە روونی دیارنییە شاعیرەکەیە یان کەسێکی دیکە، ئەو ئەو قسانە دەکا کە تەواوی شیعرەکە لەخۆ دەگرێ لە حاڵەتێکی دیاریکراو و لە ساتێکی گلەیی ئامێزدا.

٢- ئەو کەسە قسە لەگەڵ کەسێکی دیکە یان زیاتر لە کەسێك دەکات، ئێمە لەڕێی قسەکردنەکەوە دەزانین کە چەند کەسن و چییان گوتووە و چییان کردووە، تەنیا لەڕێی فیکرەکانی کەسەکەوە هەموو ئەمانە دەزانین.

٣- ئەو بنەما سەرەکییەی کە بژاردەکانی شاعیر کۆنترۆڵدەکات و دایدەڕێژێ لەبارەی ئەوەی قسەکەرەکە دەیڵێ ئەوەیە کە بەو شێوەیە بابەتەکە بخەیەڕوو کە چێژ و میزاج و کەسێتییەکەی باشتر بکا)). (M.H. Abrams:85)

لێرەدا تەنیا ئاماژە بە هەبوونی (کەس) کراوە لەکاتی قسەکردن لەسەر تایبەتمەندی مۆنۆلۆگی درامی، بەڵام هیچ ئاماژەیێك بۆ شتی دیکە لەئارادا نییە. ئەمەش کەموکورییە لە دیاریکردندا، چونکە (رۆبەرت براون) کە یەکێکە لە داهێنەرانی ئەم شێوازەی شیعر شیعرێکی هەیە بەناوی (The Portrait of a Lady) و لەوێ قسە لەگەڵ تابلۆیێك دەکا و هەموو رەخنەگرانیش کۆکن لەسەر ئەوەی ئەمە شیعرێکە بە شێوازی مۆنۆلۆگی درامی نووسراوە.

دەکرێ سەرەڕای ئەم سێ تایبەتمەندییەی سەرەوە، چەند تایبەتمەندییێکی دیکەی ئەم تەکنیك و جۆرەی شیعر بخەینەڕوو کە بریتین لە:

١- گوێگر بەجۆرێك لە جۆرەکان ئامادەیە، بەڵام یان هیچ قسەیێك ناکات، یان توانای قسەکردنی نییە.

٢- لە مۆنۆلۆگی درامیدا شاعیر هیوا و ئومێد و مەبەستێکی هەیە و دەیەوێ بە (قسە بۆکراو) ی بڵێ و لەڕێی ئەویشەوە بە گوێگرانی بگەیێنێ.

٣- هەموو شیعرێك کە بە تەکنیکی مۆنۆلۆگی درامی دەنووسرێ، دەبێ ساتێکی درامی و گلەیی ئامێزی تێدابێ و شاعیر یان قسەکەر سکاڵای لە شتێك هەبێ.

٤- لەماوەی گێڕانەوەی چیرۆکی ناو شیعرەکە، شاعیر یان قسەکەر زانیاریی وردمان لەبارەی (قسە بۆکراو) پێ دەدا.

دەتوانین بڵێین بەشێوەیێکی گشتی مۆنۆلۆگی درامی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

١- هەبوونی گفتوگۆ.

٢- راناوی (تۆ) زۆر بەکاردێ.

٣- دەروونی شاعیر و نەستی ئەو دەخاتە روو.

٤- شاعیر یان لە یار دوورە، یان لەگەڵ شتێکی بەرجەستە دەدوێ وەك تابلۆ، مۆم، خاك...هتد

٥- شیعرەکە تەواوی تایبەتمەندییەکانی شیعری لیریکی تێدایە لە رەوانبێژی و وشە ئارایی و... هتد

٦- قسەکردنەکە هی کاتی ئێستایە.

٧- هەبوونی هیوا و نیەت.

٨- مەبەستێکی هەیە و دەیەوێ بیگەیێنێ.

٩- ساتی گلەیی ئامێزە و سکاڵای لە شتێك هەیە.

١٠- ناسنامە و کەسێتی قسەکەر و قسەبۆکراومان بۆ روون دەکاتەوە.

١١- زمانێکی روون بەکاردێنێ.

١٢- هەبوونی بەشێك لە رۆمانتیکییەت.

١٣- هەست بەتەواوی بەسەر عەقڵدا زاڵە.

١٤- سەرەتا، خاڵی وەرچەرخان، کۆتایی هەیە.

١-٥ بنیاتی مۆنۆلۆگی درامی:

مۆنۆلۆگ دەتوانرێ وەك چیرۆکێك پیشانبدرێ. سەرەڕای ئەوەی مۆنۆلۆگی درامی گرنگترین داهێنانی شیعری سەردەمی ڤیکتۆرییە کە تا ئەمرۆشی لەگەڵدابێ بەکاردێ. تا ئێستاش ئەکادیمییەکان بە روونی سنوور و خەسڵەتە تایبەتییەکانیان دیارنەکردووە و هەتا دەرکەوتنیشی لەسەر رووی لاپەڕەکان دەستنیشان نەکراوە. لە راستیدا زۆرینەی ئەو قسانەی لەبارەی بنیاتی مۆنۆلۆگی درامی کراون شتێك دەخەنە سەر تێکەڵاوی و ئاڵۆزی ئەو پێناسە و بۆچوونانەی لەبارەی بنیاتەکەیەوە دەربڕاون بەوەی (مۆنۆلۆگی درامی) کە فۆرمێکە ناکرێ وەکو تاکە بوون یان دیاردەیێك لێی بڕواندرێ ((مۆنۆلۆگی درامی یەکێکە لەو فۆرمانەی شیعر کە بە ئاڵۆزترین شێوە داڕێژراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی ئەو دەربڕینە دەکات کە (وۆردس وۆرس) لەو بارەیەوە هەیەتی و دەڵێ: پیاوێك یان ژنێك قسە لەگەڵ پیاو یان ژنێکی دیکە دەکا))(John Morton:14)

هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کە شیعرێك ئەوکاتە دەبێتە شیعرێکی مۆنۆلۆگی درامی کە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە شیعرەی تێدا بەرجەستە بن. ئەم جۆرە شیعرەش پێویستە لە دوو شت بێ بەش نەبێ، ئەوانیش: قسەکەرێك و گوێگرێکی ئاماژە بۆ کراو کە درك بەو مەودایەی کە لەنێوان ئەوەی کە قسەکەرەکە دەیڵێ و ئەوەی کە بەڕاستی ئاشکرابووە، دەکا.

لە روانینێکی نوێ و جیاوازی دیکە لە هەموو ئەو تێڕوانینانەی پێشتر خستمانە روو (ڕۆبەرت لۆنگ بوم) مۆنۆلۆگی درامی بە تەواوکەری جۆرێك لە شیعری ڕۆمانتیکی دادەنێ کە پێی دەگوترا (شیعری ئەزموون — Poetry of Experience) کە تێیدا ((خوێنەر ئەزموونی ئەو دڵەڕاوکێیە دەکا کە لە نێوان تەعاتوف و بڕیارداندا هەیە)) (Geaorge P. Landow:7). ئەوە راستە کە شیعری ڕۆمانتیکی باسی گەلێك لەو بابەتانە دەکا کە ئەزموون کراون ئێستا شاعیر وێهەڵدەچێتەوە و باسیان دەکا و بە سۆزەوە سەودا لەگەڵ ئەو ڕۆژانەدا دەکا کە بەسەری بردوون و سەرەنجام بڕیاریشیان لەسەر دەدا، داخۆ ئەوەی لەم سەردەمدا کردوویەتی کارێکی باش و قبوڵکراو بووە، یان سەرەڕۆیی و پشتگوێ خستن.

هەرچی لە مۆنۆلۆگی درامییە هەست و سۆز و عاتیفە بە هەموو هێزییەوە ئامادەیە و لانیرێکی شیعر و گێڕانەوە و بەسەرهاتەکان دەهاژوا، بەلأم چەمکی دووەم کە بڕیاردانە لەوێ هەستی پێ ناکرێ، چونکە شاعیر لەبری ئەوەی بڕیار بدا دێ یار یان ئەوەی لێ دوورە و لەدەستی چووە دەیلاوێنێتەوە یان سکاڵای لەسەری هەیە و هەنگاو بە هەنگاو رووداوەکان بیر خۆی دەهێنێتەوە.

لە هەموو حاڵەت و بارودۆخێکی درامیدا و لەناویشیاندا لە (مۆنۆلۆگی درامی)دا ئێمە پێویستمان بەمانەی خوارەوە هەیە:

١- سەرەتا. دەستنیشانکردنی ئەوەی کە چۆن و کەی دەست بە مۆنۆلۆگەکە دەکەی ئەوە گرنگە.

٢- خاڵی وەرچەرخان. هەروەکو هەر چیرۆکێکی دیکە کە هەیە دەبێ لووتکەی مۆنۆلۆگەکە مەودا و ئاراستەی چیرۆکەکە بگۆڕێ. هەروەها پێویستە ببێتە ئەو تەوەرەیەی کە پەرەسەندنی کارەکتەرەکەی لەسەر وەستاوە.

٣- کۆتایی. لێمەگەڕێ کارەکتەرەکەت هەر بەردەوام بێ و بەرەوپێشەوە بڕوا. لەوکاتەی کە دەرفەتت بە کارەکتەرەکەت داوە ئەوەی حەز بکا بیڵێ، ئیتر پێویستە مۆنۆلۆگەکەت بەشێوەیێکی سروشتی کۆتایی پێ بێنی و دیمەنە درامییەکە تەواو بکەی)). (Anjeli, et al: 37)

ئەمانـەی لەسـەرەوە بـە خـاڵ خراونەتـە روو، لـە بنیـاتی هـەموو چـیرۆك و رۆمانێکیشدا هەن و بنچینە و دروستکەری ئـەو ژانـرە ئەدەبییانەشـن، بـەڵام وەك پێشـتر گوتمـان ئـەوەی مۆنۆلـۆگی درامـی پێویسـتە بـە شـیعر بێـت و لـە هـەمان کاتیشـدا چـنینەکەی ئەوەنـدەی دەقـە چـیرۆکئامێزەکان ئـاڵۆز نییـە، بـەڵکو زۆر سادەیە و دەسپێکێکمان هەیە کە سەرەتای رووداوەکانی لێ دەستپێدەکا و پاشان وردە وردە لە رێی گێڕانەوەوە ئاشـنای کارەکتـەر (یـان کارەکتـەرەکان) دەبـین و دەزانین بابەت و تەوەری مۆنۆلۆگەکەمان چییە و شاعیر دەیەوێ چی بڵێ و ئینجا دەبێ وەرچەرخانێك لە رەوتی گێڕانەوەکە رووبدات بۆئەوەی زەمینـە سـازییێك بـۆ کۆتایی بکرێ. لە کۆتاییشدا شاعیر بە سـادەیی پێمـان دەڵـێ کۆتـایی رووداوەکـە چییە و چی لێ دێ و رووەو کوێ دەڕوا.

جگە لەم خاڵانەی سەرەوە ئەم تایبەتمەندییانـەی خـوارەوەش پێویسـتە لـە بنیاتی مۆنۆلۆگی درامیدا هەبن:

١- خوێنەر وەکو گوێگرە بێ دەنگەکەی لێ دێ.

٢- قسـەکەر قسـە لەسـەر کەیسـێك دەکـا کـە شـێوازی جـەدەل و گفتوگۆی لەخۆگرتووە.

٣- ئێمە دیمەنە درامییەکەمان لـە رێـی وێنـاکردن و وەدەستخسـتنەوە تـەواو دەکەین)) (Landow: 12)

وەك دیارە لـەم سـێ خاڵـەی سـەرەوە دوو بابـەتی گـرنگ ورووژێنـدراون کـە بریتین لە جەدەل و وێناکردن. لە مۆنۆلۆگی درامیدا جەدەل هەیە، بـەڵام جـەدەل لەگەڵ خود نـەك لەگـەڵ ئـەوانی دیکـە و شـاعیر (یـان قسـەکەر) هـەر خـۆی قسـە دەکـات و زۆرجـاریش هـەر خـۆی وەڵامدەداتـەوە و جارناجـارێکیش وەك ئـەوەی (قسە بۆکراو) قسەیێکی کردبێ ئەو قسەکانی خۆی دەکات بە پرسیار و وەڵام.

لـەبارەی وێناکردنیشـەوە دەتـوانین ئـەوە بڵـێین کـە وێنـاکردن یەکێکـە لـە گرنگترین ناسەرەوەکانی مۆنۆلۆگی درامی. بەوپێیەی لە مۆنۆلۆگی درامیدا جۆرێك لە گێڕانەوە هەیـە، بـەڵام وەك داسـتان یـان چـیرۆك یـان رۆمـان نییـە کـە بـاس و وەسفی هەموو وردەکارییەکانی رووداوێـك بکـا، بۆیـە خوێنـەر ناچـار دەبـێ لـەزۆر حاڵەتدا خۆی وێنای ئەوە بکا کە چی روویداوە یان شاعیر چی بەسەر هاتووە.

١-٦ مۆنۆلۆگی درامی و جۆرە ئەدەبییەکانی دیکە:

یەکێك لە گرنگترین ئەو جۆرانەی ئەدەب کە کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر مۆنۆلۆگی درامی هەبووە، شیعرە رۆمانتیکییەکانن، چونکە لەزۆر خەسڵەت و تایبەتمەندی یەکدەگرنەوە و بابەتەکانیشیان هەتا رادەیێکی زۆر هەمان بابەتن، بەلاَم ئەوەی جیاوازیان دەکاتەوە جگە لە هەندێك تایبەتمەندی، شێوازی دەربڕینەکەشیانە. هەربۆیەش زۆر شیعر هەن رۆمانتیکین و درێژن، بەلاَم لەبەرئەوەی تایبەتمەندییەکانی مۆنۆلۆگی درامییان تێدا بەدی ناکرێ، ناکەونە چوارچێوەی ئەو شیعرانەی کە بە مۆنۆلۆگی درامی ناسراون.

دراما و رۆمانیش هاوشێوەی شیعری رۆمانسی کاریگەریی خۆیان لەسەر مۆنۆلۆگی درامی جێهێشتووە بە تایبەتی لەوکاتەی قسە لەسەر تایبەتمەندییەکانی مۆنۆلۆگی درامی دەکەین دەبینین زۆرێك لەو تایبەتمەندییانەی لەخۆگرتوون کە لە درامادا هەن ((مۆنۆلۆگی درامی رێگەیێکە بۆ ئەزموونکردنی تێڕوانینی کەسێك و دەروازەیێکی فراوانتر بۆ گوێگر دەکاتەوە تا پتر ئاشنای هەست و سۆزی ئەو کەسە بێ)) (Anjeli, et al: 39) ئەمەش لە هەموو دەقە چیرۆکئامێزەکاندا هەیە.

مۆنۆلۆگی درامی لەگەڵ رۆمانیش تەبایی هەیە و((دەتوانرێ لە رۆمانیش بەکاربێ بۆ ئەوەی بەهۆیەوە چیرۆکێکمان بۆ بگێڕدرێتەوە)) (Anjeli, et al: 39). رۆمان تەبایی لەگەڵ هەموو ژانرە ئەدەبییەکان هەیە و هۆکاری ئەمەش فرە شێوازی و هەمەجۆری تەکنیك و جۆری رۆمانە، بۆیە دەکرێ لە رۆمانێکدا چەند مۆنۆلۆگێکی درامی کە بە شیعر نووسراون جێگەیان بکرێتەوە.

١-٧ سەردەمی ڤیکتۆریا و مۆنۆلۆگی درامی:

کاتێك بڕیاردەدەین قسە لەبارەی مۆنۆلۆگی درامی و مێژووەکەی بکەین، ئەوا دەبێ بە لایەنی کەم شارەزایێکی باش و ئەزموونێکی قووڵمان لەگەڵ ئەو ئەدەبیات و ژینگە و فەزایە هەبێ کە لەسەردەمی ڤیکتۆریدا باو بووە. لەسەرەتادا ((مۆنۆلۆگی درامی بریتی بوو لە پەرەسەندنێکی تاك لایەنەی توخمە ئەدەبییەکان و دواتر ئەمانەی هەمووی بەیەکەوە کۆکرانەوە و بەرهەمێکی نوێیان لێ دەرچوو کە مۆنۆلۆگی درامییە)) (J.A. Cuddon: 404). پەرەسەندنی تاك لایەنە واتای

ئەوەیە شیعر لەلایێك و دراما لەلایێکی دیکە و مۆنۆلۆگیش هەم لەناو دراما و هەم لەناو ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەدا پەرەی دەسەند و لە کۆتاییدا بەکاریگەریی شیعری رۆمانتیکی هەموویان لە دووتوێی جۆرە شیعرێکی نوێوە کۆکرانەوە و مۆنۆلۆگی درامی لێ پێکهات.

تایبەتمەندیی شیعری سەردەمی ئیلیزابێس کە خۆی لە مۆنۆلۆگی درامی دەبینێتەوە بریتی بوو لە (گەرم و گوڕی و لەخۆوەیی و مەتاتی بوون. دەربڕینەکان تەنیا لە حاڵەتی کاردانەوە و رامان کورت نەکرابوونەوە و هەستەکانیش هی مرۆڤەکان بوون و بە ئاسوودەیی خەڵکی دەیانتوانی هەستەکانیان دەربڕن. هەستەکان لەخۆوەبوون و کاریگەرییان هەبوو نووسەر بەردەوام پەنای بۆ دەبردن و هەستەکان پانتاییەکی زۆریان لە دونیای نووسەر و شاعیران هەبوو) (John Morton: 14)

سەردەمی ڤیکتۆریا نوێنەرایەتی ئەوجی مۆنۆلۆگی درامی دەکا لە ئەدەبی ئینگلیزیدا و ئەم شاعیرانەی خوارەوە سەرئامەدی شاعیرانن لە نووسینی شیعر بە شێوازی (مۆنۆلۆگی درامی) (

١- (یۆلیسیس)ی (ئەلفرێد لۆرد تینسۆن). لە ١٨٤٢ بلاّوکراوەتەوە. پێی دەگوترا راستەقینەترین بەرهەمی مۆنۆلۆگی درامی. دوای (یۆلیسیس) کاریگەرترین بەرهەمی (تینسۆن) لەو بارەیەوە بریتی بوو لە (تیسۆنیوس)، (لۆتۆ- خۆرەکان) و (سیمۆنە خواناسەکە) هەموویان بەشێکن لە شیعرەکانی کە لەساڵی ١٨٤٢ بلاّویکردنەوە.

٢- (کەناری دۆڤەر)ی (ماتیۆ ئارنۆڵد) و (ستانزاکان)ی لە (گراند چارتریۆز) کە بەناوبانگ بوون و وەکو مۆنۆلۆگی سەرگوزشتەی کەسی وابوون. ئەمانە لەچوارچێوەی ئەو دیوانەدان کە لە ١٨٦٧ دا بلاّوکرایەوە.

٣- (رۆبەرت براون) ئەو کەسەیە کە ئەم فۆرمەی نووسینی شیعری گەیاندە لووتکە و بەناوبانگترین بەرهەمی خۆی کە (مای لاست دەچزە بلاّوکردەوە — My Last Duchess) هەروەها بەرهەمی دیکەشی هەبوون لەو بوارە (Fra Lippo Lippi) و (Caliban upon Setebos) .. هتد و چەندین بەرهەمی دیکەی رۆبەرت براوننگ). (Langboum: 34)

١-٨ مۆنۆلۆگی درامی و ڕەخنەی نوێی ئەدەبی :

وەك ئەوەی خوێنەران مۆنۆلۆگی درامی هەستی پێ دەکەن مۆنۆلۆگی درامی شێوازێکی بەهێز و پتەوی نێو دونیای شیعرە بە شیمانەی ئەوەی بتوانرێ قەناعەت بە خوێنەر بکرێ. ئەم شێوازەی شیعر ڕێ بە شاعیر دەدا تا ئەوەی لە ناخیدایە دەربیبڕێ. ((تێکەڵبوونی توخمە درامییەکان و ئەنجامە دەروونییەکان فۆرمێکی سیحر ئامێز دروست دەکا)) (Langbaum:35). لە شیعری نوێدا، سەرەڕای ڕۆڵی قسەکەر و گوێگری کڕوکپ، شاعیر خۆشی بەشێوەیێکی بەرفراوان فۆرمی مۆنۆلۆگی درامی تاقیکردۆتەوە. (ڕۆبەرت لانگبۆمی)ی ڕەخنەگر وای دەبینێ کە مۆنۆلۆگی درامی بریتییە لە ((کۆبوونەوەی شیعری لیریکی و توخمەکانی دراما بەیەکەوە)) (Langbaum: 34) ئەمەش نوێنەرایەتی ئەفراندنەکانی شاعیر دەکا کە گەلێك جار ڕاستەوخۆ ئامادەیی لەناو شیعرەکە هەیە و ئەمە ئەوە کە هەموو حاڵەتە درامییەکانی بەسەردا هاتوون و ئەزموونی کردوون و پاشان کاریگەریشی لەسەر شاعیرانی دوای خۆی دەبێ.

ئەوە ڕاستە کە مۆنۆلۆگی درامی لەژێر کاریگەریی شیعری ڕۆمانتیکی بووە، بەڵام دەکرێ لەهەمان کاتدا ئەوەش بە ڕاست بزانین کە مۆنۆلۆگی درامی کاریگەریی تەواوی خۆی لەسەر شیعری نوێ بەجێهێشتووە.

١-٩ وێکچوون و جیاوازیی نێوان مۆنۆلۆگی درامی و خۆدواندن (موناجات):

فۆرمێکی دیکە کە لە دراما و تەواوی دەقە چیرۆکئامێزەکان بەکارهاتووە و لە مۆنۆلۆگی درامی زۆر نزیکە بریتییە لە (خۆدواندن Soliloquy). لە هەردووکیاندا تەنیا یەك قسەکەر هەیە. قسەکەر لە مۆنۆلۆگی درامیدا بیردەکاتەوە و ئەوەی بیریشی لێ دەکاتەوە بە دەنگێکی بەرز دەری دەبڕێ. دەربڕینی بیرکەرەوە بە شێوەیێکی ئازاد و نا هاوسەنگ بەردەوام دەبێ و پەیوەندی بە خودی خۆیەوە هەیە وەکو تاك. بە پێچەوانەی ئەمە مۆنۆلۆگی درامی پتر لەژێر کاریگەری کەسێتیی گوێگردایە. کەواتە ئەوەی خۆدواندن و مۆنۆلۆگی درامی لەیەك جودا دەکاتەوە بریتییە لەوەی لە مۆنۆلۆگی درامیدا گوێگر هەیە و ئاماژەشی پێ

دەکرێ، بەڵام قسە ناکا. هەرچی لە خۆدواندنە نە گوێگر هەیە و نە ئاماژەشی پێ دەکرێ.

(خۆدواندن) بریتییە لە ((قسەکردن لەبەرخۆ جا چ بە دەنگی بەرز بێ، یان بەدەنگی نزم)) (M.H. Abrams: 335) و ناشبێ هیچ گوێگرێکی راستەوخۆ هەبێ. مەبەستمە بڵێم خوێنەر و بینەرانی دراما گوێگرن، بەڵام راستەوخۆ نین، چونکە قسەکان راستەوخۆ ئاڕاستەی ئەوان ناکرێ.

خۆدواندن بریتییە لە ((گوتارێك کە کەمێك درێژە و تاکە کارەکتەرێك لەسەر تەختی شانۆ و بەتەنیا لەبەرخۆی قسە دەکا)) (Cuddon: 343). لە خۆدواندا قسەکەر تەنیا هەست و سۆز و بیر و باوەڕ و تێڕوانینەکانی خۆی دەخاتە روو و بێ لایەنە لەوەی بڕیار بدا کێ راستە و کێ هەڵە، کێ پێویستە داوای لێبووردن لە کێ بکا، کێ مایەی خەمەکانە و کێش تەنیا خەم دەخوا؟ هەرچی مۆنۆلۆگی درامییە، ئەوا قسەکەر – هەندێك جار شاعیر– بێ لایەن نییە و هەمیشە هەست دەکا ئەو غەدر لێکراوە و کەسێك یان کەسانێکیش هەن غەدریان لێی کردووە.

١-١٠ توخمەکانی مۆنۆلۆگی درامی:

مۆنۆلۆگی درامی بەشێوەیێکی رێژەیی هەموو یان هەندێك لەم توخمانەی تێدایە، ئەوانیش: گوێگر و قسەکەرێکی خەیاڵی، شوێنکاتێکی سیمبولئامێز، پاڵپشتی سیحری، موبادەرەی درامی، تیشك خستنەسەر لایەنە خودییەکانی قسەکەر و هەروەها هەبوونی زەحمەتی لە تێگەیشتنی ئایرۆنی و ئەوەی کە پەیوەندی بە رۆڵی خوێنەر هەیە لە دەقەکەدا. ((Billy Marshall Stoneking: www.ask.com))

گرنگترین خەسڵەتی مۆنۆلۆگی درامی بریتییە لەو هەڵوێستەی کە مێشکی قسەکەر دەینوێنێ. ئەو تەنیا بیروباوەڕەکانی خۆی ناخاتە روو، بەڵکو رەنگرێژی دەکا بەو بیرکردنەوە و روانینانەی گوێگر هەیەتی. (ئەو پەیوەندییەی کە قسەکەر لە مۆنۆلۆگی درامییەوە بە گوێگر هەیەتی وا لە قسەکەر دەکات بەشێوەیێك کە مەبەستیشی نەبێ هاوسەنگیێك لەنێوان خۆی و گوێگرەکەی رابگرێت و هەموو ئەوەی کە باسی دەکا تێڕوانینی خۆی نەبێ، بەڵکو لەجیاتی ئەو جار نا جارێك بۆچوونی ئەویشمان بۆ دەخاتە روو) (George P. Landow: 4)

تەوەری دووەم: مۆنۆلۆگی درامی لە قەسیدەی (هەولێر لە یەکی شوباتا):

قەسیدەی (هەولێر لە یەکی شوباتا) بەشێکی زۆری ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی تێدایە کە لە هەر قەسیدەیێکی دیکەدا هەن لەسەر ئەو شێوازە نووسرابن. (پەشێو) ئەو تەکنیك و شێوازەی قۆستۆتەوە و دروست بەکاریهێناوە و کردوویەتییە کاڵا و بە باڵای ئەو بابەتەوە بڕیویەتی کە خۆی ویستوویەتی بیگەیێنێتە خوێنەرانی.

٢-١ بەکارهێنانی جێناوی (قسەکەر: من، م):

یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی مۆنۆلۆگی درامی ئەوەیە کە جێناوەکانی کەسی یەکەمی تاکی بە شێوەیێکی زۆر بەرچاو تێدا بەکاردەهێنرێ. قەسیدەی (هەولێر لەیەکی شوباتدا)ی عەبدوڵلا پەشێویش بەدەر نییە لەم تایبەتمەندییە و قەسیدەکە پڕیەتی لەم جێناوانە:

ئەوەندەی من
بە منارەی مێژووی تۆدا هەڵدەڕوانم،
ئەوەندەی من
کتێبی زەرد و پەڕپووتی حوجرەکانت
دەخوێنمەوە ل٣٧٤

(پەشێو) درێژە بە شیعرە درامییەکەی دەدات و لەگەڵیشیدا درێژە بە بەکارهێنانی جێناوەکانی (من، م) دەدات. ئەمەش چ ئەو و چ هەر شاعیرێکی دیکە کە مۆنۆلۆگی درامی دەنووسێ، بۆ ئەوە ئەم کارە دەکات تا خوێنەر بەتەواوی هەست بە ئامادەیی شاعیر یان قسەکەر بکات، چونکە وەك پێشتر روونمان کردەوە لەپاڵ ئەو بابەتەی دەگێڕدرێتەوە شاعیر (قسەکەر) گرنگترین توخمە چونکە بێ ئەو دەقە درامییەکە نایێتە ئارا:

بە پەساپۆرتە
سێکندهاندە شەرمنۆکە قەڵپەکانم
گەر ویستبم بۆ پەنایەك سەرهەڵگرم
گەر ویستبم
بۆ هەر سووچ و کەنارێکی دنیا بفڕم
قەت لەیادم نەکردووە ل٣٩٠

لێرەدا شاعیر لەگەڵ شارەکەی (هەولێر) دەدوێت و دەردە دڵی خۆی بۆ باس دەکات و پێی دەڵێ کە چ پەیوەندییێك لە نێوان ئەو و (خەم)دا هەیە. وەك دەبینین لە شەش لەتە دێڕی کورتدا شەش جار جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك بەکارهاتووە و چەندین جاری دیکەش بەهەردوو شێوەکەی جێناوی کەسی یەکەم ئەم کارە دووبارە کراوەتەوە.

٢-٢ هەبوونی گفتوگۆ:

گفتوگۆ یان دایەلۆگ توخمێکی سەرەکی هەر کارێکی درامییە بەشێوەیێکی گشتی. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر تێکستێك نووسرابێتەوە و نووسەرەکەی ویستبێتی دواتر بە دەقێکی درامی ئامێز هەژمار بکرێ، بێگومان دەبێ حیسابی ئەوەی کردبێ کە دایەلۆگ لە دەقەکەیدا بەکاربێنێ:

لەو پیاسە دوو قۆڵیانەدا،
کە من و تۆ بە ئاقاری ڕۆژگاراندا کردوومانن،
کوا چی ماوە بۆم باس نەکەی؟
نازانم لەبیرتە یا نا؟
ئێوارەیەك، لای گردەکەی قالیچاغا،
ڕاتگرتم و دەستت لەسەر شانم دانا...
بە زمانێك
پڕ لە بۆنی هەزار ڕەنگی
تووتنی ناو قەلنەکەی مەم
باسی جەنگی دەستەوخەیەی
ئیسکەندەر و دارات بۆم کرد ل٣٧١

ئەمەی سەرەوە کۆپلەیێکی درامی ناو قەسیدەکەی (پەشێو) ە کە بیری (هەولێر) ی دەخاتەوە کە پێشتر چۆن ئەو هەموو شتێکی بۆ شاعیر باسکردووە و چۆن لە هەموو بەسەرهات و وردەکارییەکان ئاگاداری کردۆتەوە. شاعیر لەم قەسیدەیەدا زۆر لێهاتووانە و شارەزایانە هاتووە ئەو زانیارییە وردانەی لەسەر کۆنە شارەکەی هەیەتی بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە و خوێنەرانی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

هەروەها لە چەندین شوێنی قەسیدەکەدا بەشێوەی پرسیار کە بناغەی گفتوگۆیە پرسیار لە شارەکەی دەکات و گەلێك جارانیش شارە پایتەختەکەی رووگیردەکا، بەتایبەتی کە دەڵێ:

ئەرێ بەڕاست جگەرگۆشەم، تۆ پایتەختی؟

چما پایتەختی بێ تەخت و

شانشینی بێ تاج هەیە؟ ل ٣٧٩

(پەشێو) کە تەمەنێکی کردووە و پایتەختی گەلێك لە وڵاتان گەڕاوە، نەیدیوە سەرۆك و پادشاکان دوور لە پایتەخت بڕیار بۆ پایتەخت دەربکەن، بۆیە (هەولێر)ەکەی رووگیرکردووە کە پرسیاری ئەم جۆرە پرسیارانەی لێدەکا.

٢-٣ راناوی (تۆ) زۆر بەکاردێ:

لە مۆنۆلۆگی درامیدا هەر تەنیا ئەوە (من/م)ی جێناوی لکاو نییە کە زۆر بەکاردێ، بەڵکو لەپاڵ ئەم دوو جێناوەدا هەردوو جێناوی (تۆ/ت) بەکاردێن. ئەمەش بۆئەوەیە شاعیر بیسەلمێنێ کە قسەکان بۆخۆی ناکات و کەسێك یان بوونێك هەیە گوێی لێ دەگرێ، ئەو لەگەڵ (هەولێر) دەدوێت و پێی دەڵێ:

دەبینم تۆ، لەوەتەی هەی، یەك خوات هەبووە. ل٣٧٤

یان پێی دەڵێ:

لەبەرچاومە و دەزانم

بە چ دەردەسەرییەك تۆ تەعجیلت فرچك دا ل٣٦٩

لەم کۆپلەیەی خوارەوەشدا هەر بەوە دڵی ئۆقرە ناگرێ بە شارەکەی بڵێ جگەرگۆشە، بەڵکو لە چەند شوێنێکیش هەردوو جێناوی (تۆ/ت) بەکاردێنێ و هەموو ئەم دووبارەکردنەوە و جەختکردنەوەیەش بۆ قەناعەتکردنە بە خوێنەر کە گوێگرێك هەیە:

دەبا هەر پێت بڵێن پایتەخت!

تۆ بۆ من جگەرگۆشەیت و

هەر بەو ناوەش بانگت دەکەم ل٣٧٩

بۆ هەر دایەلۆگێك ئێمە پێویستمان بە دووکەس هەیە کە دەبێ بەیەکەوە بدوێن. لەبەرئەوەی لە (مۆنۆلۆگی درامی)دا ئەو دایەلۆگەی کە دەکرێ

راستەوخۆیە و کاتەکەشی کاتی ئێستایە، بۆیە ئامادەیی هەردوو جێناوی (من/تـۆ) کارێکی حەتمییە.

٢-٤ شاعیر یان لە یار دوورە، یان لەگەڵ شتێکی بەرجەستە دەدوێ وەك تابلۆ، مۆم، خاك...هتد:

ئــەوەی (پەشــێو) لــەم مۆنۆلۆگــە درامییــەدا لەگــەڵی دەدوێ، ئەگــەر خۆشەویستترین شتی نەبێ لەم گەردوونـەدا، ئـەوا گومـانی تێـدا نییـە یەکێکـە لـە خۆشەویستترین شتەکانی. (هەولێر) لای (پەشـێو) نـەك کـۆنترین شـاری دونیایـە، بگرە (هـەولێر) وایکـردووە هـەزاران شـاری دیکـە دروسـتبن و هـەر خۆشـی فێـری گاگۆڵکێی کردوون:

خۆ دەزانم کە هەزاران شاری دنیا
بە ڕەوڕەوەی قەڵاگەی تۆ پێڕەوکە بوون
ئەدی ناڵێم گەردنبەرزیت هی سەفینە و
بەخشندەییشت هی قەراج؟!
ئەدی ناڵێم، وەتی تۆ هەی
هەر تاجبەخشی و
بۆ جارێکیش خۆت نەبوویتە خاوەنی تاج؟! ل٣٦٨

٢-٥ هەبوونی تەواوی تایبەتمەندییەکانی شیعری لیریکی لە شیعرەکەدا

ئــەو شــاعیرەی هونــەری (مۆنۆلــۆگی درامــی) بــۆ هۆنینــەوەی شــیعرێك بەکاردێنێ، بێگومان بۆیە پەنا بۆ ئەم هونەرە دەهێنێت تـا شـیعرەکەی جـوانتر و ڕەوانتر بکات. بۆ ئەم کارەش نەك دەستبەرداری هونەرە جوانکارییـەکانی دیکـەی شیعر نابێ، بگرە وەك هەر شیعرێکی دیکە کەڵکیان لێ وەردەگرێ:

هەرکە پەی بە هەڵکشانی بیابان و
داکشانی زۆزان دەبرد، لە هەژمەتان
هەندێ جاران جەزبەی دەبرد،
هەندێ جاریش،

کڕ و بێ دەنگ، سەری لەبن باڵی دەنا و
عەیامێك خەڵوەتی دەکێشا ل٣٧٦

یەکێك لە جوانترین و هونەریترین وێنە و ڕەمزە شیعرییەکان لە دووتوێی ئەم کۆپلە شیعرەدا خراوەتە روو. (هەڵکشانی بیابان) و (داکشانی زۆزان) دوو ڕەمزی زۆر جوانن کە یەکەمیان هێمایە بۆ داگیرکاری بەعسی و تەعریبکردن و دووەمینیشیان بۆ کەمبوونەوە و لەکورتیدانی خاکی کوردستان بەهۆی داگیرکاری و تەعریبەوە. هەروەها لەم کۆپلەیەی خوارەوەشدا دەڵێ:

کچی خۆم، چما نازانیت،
تا هەنووکەش من هەر بەوێ
بێدەنگیم لێوڕێژی دەنگە و
بۆشاییم مووی پێوە ناچێ و
دیوەخانی گۆشەگیریم هەر جمەی دێ؟! ل٣٨٩

خەمی دووره ولاّتی، تاراوگە، تەنیایی و گۆشەگیری هەر هەموویان لەم کۆپلە شیعرەدا باسکراون و هەر هەمووشیان لەلایەن شاعیرەوە بەستراونەتەوە بە ولاّتەوە. پەشێو لەم کۆپلەیەدا بەشێوەیێکی هونەری جوان چەند دژێکی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە لەوانە: (دەنگ × بێ دەنگی) و (گۆشەگیری × جمە هاتن).

ئەگەر تەواوی قەسیدەکەی تەی بکەین، ئەوا لەپاڵ بەکارهێنانی هونەری مۆنۆلۆگی درامی، شاعیر دەستبەرداری هیچ یەك لە هونەرەکانی هۆنینەوەی شیعر نەبووە و بەشێوەیێکی زۆر هونەرییانە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

٢-٦ قسەکردنەکە هی کاتی ئێستایە:

بەو پێیەی شاعیر لە زەینی خۆی ئێستا لەگەڵ (قسە بۆکراو) دەدوێ، بۆیە ئەو کاتەی بۆ گێڕانەوە یان داڕشتنی شیعرەکەی بەکاریدێنێ کاتی ئێستایە:

دەبا هەر پێت بڵێن پایتەخت!
تۆ بۆ من جگەرگۆشەیت و
هەر بەو ناوەش بانگت دەکەم.
ئەرێ بەڕاست تۆ پایتەختی؟ ل٣٧٩

ئەو قسە لەگەڵ هەولێرەکەی دەکات و داوای لێ دەکات چی بۆ بکات تا لەو نەهامەتییەی تێی کەوتووە رزگاری بکات، چاوەڕوانیش دەکات دەمودەست وەڵامەکە وەربگرێتەوە:

چیت بۆ بکەم
تا نەهێڵم
نابیناکان تاریکاییت بخوێننەوە؟
تێرنەخۆرە پارووی دەمت کۆنتڕۆڵ بکەن،
مێردەزمە
خەونەکانت داگیرسێنن و بکوژێننەوە؟ ل٣٨٢

بەکارهێنانی دەمکاتی ئێستا بۆ قسەکردن و چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی دەمودەست لە (قسە بۆکراو) وا لە شاعیر یان قسەکەر دەکات ئامرازێکی باشی لەبەر دەست بێ تا قەناعەت بە خوێنەر بکات ئەوەی ئەو دەیڵێت راستە و بەسەرهاتێکی راستەقینەیە.

٢-٧ هەبوونی مەبەست و گەیاندنی:

ئەگەر جۆرەکانی دیکەی شیعر بواری ئەوەیان تێدا بێ کە بڵێین دەکرێ هەندێکیان پەیام و مەبەستێکیان هەبێت و هەندێکیشیان تەنیا بە مەبەستی جوانی و بزواندنی هەست و سۆز نووسرابن، ئەوا لەو شیعرانەی بە شێوەی (مۆنۆلۆگی درامی) دەنووسرێن هیچ بوارێك نییە کە شاعیر بێ مەبەست شیعرێك بهۆنێتەوە:

ئەی پایتەختی خەمی دنیا،
ئەی بازاڕی
نانی لەنگە و ئاوی لەنگە و
هەوای لەنگە و شیعری لەنگە و حیزبی
لەنگە:
من نازانم،
چ لەو هەموو مەرەکەب و

میکرۆفۆن و شاشە و منارانە بکەم
کە بە دۆلار ئاوس بن و دەم واز نەکەن؟
چ لە داری سایەداری دارستان و پارکت بکەم،
کە دوو دڵدار،
دوو کارمامز
لە بنیا راز و نیاز نەکەن؟ ل٣٨١

(هەولێر) کە زێدی شاعیرە و پایتەختی هەرێمەکەیەتی ئێستا بووە بە پایتەختی خەم لەم دونیایە و بەهۆی شەڕ و نەهامەتییەوە چ ناخۆشییەك لەم دونیایە هەیە بەسەر خۆی و دانیشتوانەکەی داهاتوون. جگە لەمەش بە درێژایی مێژووی ئەم شارە (بۆچوونی شاعیر وایە) هیچ پاشا و سەرکردە و کاربەدەستێك نەهاتووە تەخت و تەراجی خۆی لەم شارە دابنێت و هەمیشە دوور بەدووری حوکمڕانی شار و لەڕێی ئەویشەوە حوکمڕانی شارەکانی دیکەی سەر بە پایتەختیان کردووە.

شاعیر خەمەکانی بەوەندە کۆتایی نایێت و باسی گەندەڵی و بێ هەڵوێستی مەلا و قەڵەم بەدەستەکان دەکات کە پارە بووەتە هۆکاری بێ دەنگ بوونیان و دەم لەیەك ناکەنەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەو شارەی کە زێدی شاعیرە بەیەکەوە بوونی کچێك و کوڕێك لە پارکێك یان لە هەر شوێنێکی گشتی بێ کارێکی نەکراوە و زۆر بەخراپی بەسەریاندا دەشکێتەوە و زۆرجاریش کارەساتی گەورەی بەدوادادێت.

٨-٢ ساتی گلەیی ئامێزە و سکاڵای لە شتێك هەیە:

لە بنەڕەتدا یەکێك لەو مەبەستانەی کە مۆنۆلۆگی درامییان بۆ دەنووسرێ، بریتییە لە گلەییکردن هەبوونی گازاندە بەرانبەر شتێك یان کەسێك. (پەشێو) گلەیی گەورەی لە شارەکەی هەیە. ئەو پێی وایە لەکاتێکدا کە شارەکەی هەموو دەم چوار خودا دەیپارێزن، چۆن ئەم هەموو برینانە لە جەستەیدا هەن:

لە بەد گومانیم ببوورە،
بەڵام هەرگیز باوەڕناکەم
ئەربائیللۆ ناوی تۆ بێ

نەخێر نابێ،
نەخێر ناشێ
تۆ بارەگای نووری عەرشی چوار خودا بیت
کەی ئەو هەموو برینانە،
جگەر گۆشەی شیرینی من،
بۆ بەدەنی شارێك دەشێن
کە چوار خودا چاودێری بن؟! ل٣٧٣-٣٧٤

٢-٩ بەکارهێنانی زمانی روون:

ئەو زمانەی کە بۆ هۆنینەوەی مۆنۆلۆگی درامی بەکاردێ، زمانێکی سادەیە، بەڵام پڕ وردەکارییە:

دە پێم بڵێ، جگەر گۆشەم،
چیت بۆ بکەم،
تا نەهێڵم بتکەن بە گەراجی
ئوتۆمبێلێکی چەپرەکی دوو سووکانی بێ شفێر؟ ل٣٨٢

ئەو بە زمانێکی سادە، بەڵام وەك گوتم پڕ وردەکاری پێمان دەڵێ، ئەو خاوەنی پایتەختێکە دوو حیزب، دوو بنەماڵە، یان دووکەس بەڕێیەوە دەبەن و وڵاتیان کاول کردووە و وەکو ئۆتۆمبێلێکی چەپرەکی شڕ و وڕی بێ سەروبەریان لێ کردووە و ئێستاش دەیانەوێ بەهەردووکیان بیهاژۆن.

٢-١٠ هەبوونی سەرەتا، خاڵی وەرچەرخان، کۆتایی:

سەرەتا بە گێڕانەوەی مێژوو دەستپێدەکا و ئەوەندەی لەبارەی مێژووی (هەولێر)ەوە دەیزانێ بە شیعر دەیهۆنێتەوە و لەڕێی قسەکردن و وەبیرهێنانەوەی شار ئێمەش لە بەسەرهاتەکان ئاگاداردەکاتەوە:

لەبەر چاومە و دەزانم
چۆن شەوێك، دوای خەوزڕان،
شانی منارەی چۆلیت بە ئاستەم ڕاتەکاند و
لە شەکرە خەوت هەڵساند ل٣٦٩

دواتر لەسەر گێڕانەوەی مێژوو بەردەوام دەبێ و ئەوەی خۆی باوەڕی پێی هەیە لەبارەی پاراستنی شار و منارە و لەقلەق و خانەقاکەیەوە بۆمانی دەگێڕێتەوە:

هەموو ساڵێك،
لەگەڵ یەکەم هەورە تریشقەی بەهاریدا،
لەپڕ ئاسمان دادەقڵیشا،
فریشتەیێك،
وەك پارچەیێك نووری پەتی،
دادەپەڕییە سەر منارەکەی خانەقا و
دنیای هەموو
لە گەرمایی و ڕەنگ و سەدا هەڵدەکێشا ل٣٧٥

خاڵی وەرچەرخانی ئەم دەقە شیعرە لەو کاتەوە ڕوودەدا کە شاعیر لە گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان و ئەو بەسەرهاتانە دەبێتەوە و دێتەسەر باسی بابەتێك کە ئەو دەم ڕوویداوە ئەویش شەهید بوونی پۆلێك ڕۆڵەی ئەم خاکەن بە ڕووداوێکی دڵتەزێن. لە بنەڕەتیشدا وەك لە ناونیشانی شیعرەکە وەدیار دەکەوێ (هەولێر لە یەکی شوباتا)، کرۆکی بابەتی شیعرەکە بریتییە لەم ڕووداوە کارەساتبارە:

نازانم بەم بەیانییە،
ئەو پۆلە قاز و قورینگە نوورپڕژێنە
بۆ کوێ دەچن؟
بۆچی گەردن و شاباڵیان هێندە سوورە؟
کۆتایی:
ئەم خەمە خەمی شاخێکە
بەیانییەك،
بەیەك چرکە، یەك چرکە و بەس،

پۆلێك ئاسكی گوڵبژێری

بكەوێتە بن پێی هەرەس.

بەیەك چركە یەك چركە و بەس ل٣٩٢

(پەشێو) كۆتایی ئەم قەسیدەیە بە باسكردنی دوورەوڵاتی و خەمی دووری و خۆشەویستی وڵات دەهێنێت و بەمەش لەدوا دێڕەكانی قەسیدەكەی گومان و خەمەكانی قووڵ دەكاتەوە و ترسێكی زۆر و بەردەوامیشی بۆ خاك و وڵات هەیە:

ئەم خەمە خەمی شاخێكە،

بەیانییەك،

بە یەك چركە، یەك چركە و بەس،

پۆلێك ئاسكی گوڵبژێری

بكەوێتە بن پێی هەرەس.

بە یەك چركە، یەك چركە و بەس.

ئەنجام

١- مۆنۆلۆگی درامی گفتوگۆیە لە نێوان دوو کەسدا، بەڵام یەکێکیان هەر قسە دەکا و ئەوەی دیکە بە هیچ شێوەیێك وەڵام ناداتەوە.

٢- شاعیر کاتێك پەنا دەباتە بەر مۆنۆلۆگی درامی کە لە یارەکەی، شارەکەی یان هەر شتێك کە بەلای ئەوەوە گرنگە دووربێت و نەتوانێت لەگەڵی بدوێ، یان هەر لە بنەڕەتدا توانای وەڵامدانەوەی نەبێت.

٣- گرنگترین خەسڵەتی مۆنۆلۆگی درامی بریتییە لەو هەڵوێستەی کە مێشکی قسەکەر دەینوێنێ. ئەو تەنیا بیروباوەڕەکانی خۆی ناخاتە روو، بەڵکو رەنگرێژی دەکا بەو بیرکردنەوە و روانینانەی گوێگر هەیەتی.

٤- قسەکەر لەم مۆنۆلۆگە درامییە خودی شاعیرە و قسەبۆکراو یان گوێگر شارەکەیەتی کە (هەولێر) ە.

٥- پەشێو بۆ درێژکردنەوەی قەسیدەکەی و گەیاندنی پەیامی زیاتر ئەم هونەرەی هەڵبژاردووە و لەمەشدا زۆرباش پێکاویەتی.

٦- زمانی شیعرەکە زمانێکی سادە و رەوانە و لەپاڵیشیدا هەموو ئەو هونەرە جوانکاری و رەوانبێژییانەی لە شیعرێکی لیریکی چاوەڕاوان دەکرێ ببینرێن، تێیدا هەن.

سەرچاوەکان:

- دیوانەکان:

١- عەبدوڵلا پەشێو، هەسپم هەورە و رکێفم چیا (شیعری ١٩٨٠–٢٠٠٥)، چاپی سێیەم، کوردستان، هەولێر–٢٠٠٨.

1. Addyb , Dramatic Monologue: This essay spells out the salient features of the dramatic monologue, with examples. University, Bachelor's, October 2007.
2. -Anjeli, etal, three ways to write dramatic monologue, www.ask.com
3. - Houghton Mifflin Company, Dictionary of the English Language, Fourth Edition copyright ©2000 by -. 2009.
4. Landow, George, Professor of English and Art History.Dramatic Monologue: An Introduction.
5. -Robert Browning and Mick Imlah: Forming and Collecting the Dramatic Monologue John Morton
6. -Random House Kernerman Webster's College Dictionary, © 2010 K Dictionaries Ltd. Copyright 2005, 1997, 1991 by Random House, Inc.
7. 8 -Sally Wehmeier, Oxford Advanced Lerners Dictionary, 7th edition, Oxford University Press.
8. J.A. Caddon, A Dictionary of literary Terms, revised Eddition, UK, 1979.
9. M.H. Abrams, A Glossary of literary Terms,ninth Edition,

ملخص البحث

المونولوج الدرامي أحد الموضوعات المهمة التي طالما كان موضع اهتمام النقاد في عالم الأدب، وذلك لجمعه بين نوعين من الأعمال الادبية، و هما: (الدراما و الشعر).

اختار الباحث هذا الموضوع استشعارا بأهميته في حقل الدراسات النقدية، ولما تمعنا في ابعاد الموضوع اخترنا له عنوانا، هو (المونولوج الدرامي في قصيدة هەولێر لە یەکی شوباتدا – أربيل في أوئل شباط). وقمنا بتوزيعه على مقدمة وتمهيد وفصلين.

يتكون الفصل الاول – الذي جاء بعنوان (مميزات المنلوج الدرامي) – من ستة محاور تتناول على نحو عام تعريف المنلوج الدرامي، وأنواعه ومميزاته.

أما الفصل الثاني فقد خصصه الباحث للجانب التطبيقي من البحث.

توج الباحث عمله بخاتمة مخصصة للنتائج التي تمخضت عن مشروع العمل.

Abstract

Dramatic monologue is a very important and interesting subject because it is combines to different literary types (Drama) and (Poetry).

This research talks about Dramatic Monologue in Abdulla peshews long poem (Hewler le Yekishubat- Erbil in February, 1). Dramatic monologue has a long history in literature, and writing and/or finding such pieces and preparing them for performance can be both instructive and gratifying. Monologues can be a dramatic rendering of published literature. Monologues can also be written and based upon personal experiences or imagined circumstances.

In this research we talk about the elements of (Dramatic Monologue). Also we focused on dramatic monologues characterization. In chapter two we analyzed Erbil in February which is Abdulla Peshewslon poem.

At the end of research we wrote the conclusion of our research and references.